


ئا: هێمن قەسرەیی



ژمارە (٧٤٠) ٢٠٠٩/٧/٦



# شووكردن یاخود بڕوانـ

ئایا بۆ شووكردن پێش بەدەستهێنانی بڕوانامە و تەواوكردنی خوێندن باشترە، یان دوای وەرگرتنی بڕوانامە و تەواوكردنی خوێندن؟ ئەم پرسیارەمان ئاراستەی ژمارەیەك كچ كرد بۆ ئەوەی بزانین كامیان بە باشتر دەبینن و سەرنجی خۆیان بخەنە روو، ئەوانیش بەم شێوەیە وەڵامیان دایەوە.

(یارا) ٢٦ ساڵ"من پێم باشە كچ خوێندنی خۆی تەواو بكات ئەوكات شووبكات لەبەر ئەوەی شووكردن لەتەمەنێكی زوودا لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی لەداهاتوودا پەشیمان بێتەوە، جگە لەمەش بەدەستهێنانی بڕوانامە سوودێكی زۆری دەبێت بۆ ژیانی داهاتووی خۆی، من بڕوانامەم بەدەست نەهێناوە و شووم نەكردووە، پێشم وانییە هەڵەبم لەو بڕیارەم".

**دوای خوێندن بڕیاری شووكردن دەدەم**

(سەروین) ٢١ ساڵ كەی بوومە خاوەنی بڕوانامە و كۆلێژم تەواو كرد ئەو كاتە بڕیاری شووكردن دەدەم، بۆ ئەو كچانەی دەخوێنن وا باشترە دوای تەواوكردنی قۆناغی خوێندنی كۆلێژەكەیان یان پەیمانگا بیر لە داهاتووی خۆیان بكەنەوە لەبەر ئەوەی ئەو كاتە زۆر گونجاوە، بەڵام ئێستا ئەوە ناكرێت لەبەر ئەوەی لەبەرژەوەندی من دانییە".

**خۆشەویستەكەم لە پێناو خوێندن لە دەست نادەم**

(شیرین) ٢٠ ساڵ"راستییەكەی من قوتابیم لەپۆلی شەشەمی ئامادەیی، زۆر حەزدەكەم ئەمساڵ بە سەركەوتوویی خوێندنەكەم تەواو بكەم بۆ ئەوەی ژیانی هاوسەری لەگەڵ ئەو كەسە پێكبێنم كە خۆشمدەوێت. نامەوێت چوارساڵی تر چاوەڕێ بكەم تا خوێندنەكەم تەواو دەبێت تەنیا دەمەوێت لەپۆلی شەش دەربچم، سەبارەت بە بڕوانامە پێم وانییە ئەوەندە كاریگەری هەبێت، لەنێوان شووكردن و بڕوانامەدا من یەكەمیان هەڵدەبژێرم.

(شەهێن) ٢٧ ساڵ"پەشیمانم لەوەی كاتی خۆی بڕیارێكی خێرام دا بەوەی شووم كرد پێش ئەوەی بڕوانامە بەدەست بێنم. ئەو كاتە بڕیارەكەم پێ راست بوو، بەڵام ئێستا هەست دەكەم هەڵەم كردووە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە لەژیانی ئێستام بێزارم یان پێم ناخۆشە، تەنیا پێم وایە بەدەستهێنانی بڕوانامە دەبێت بە پلەی یەكەم بێت دواتر شووكردن.



# ...ـــامە، کامیان هەڵدەبژێری؟

## گرنگ ئەوەیە شووکردن بەئارەزوو بێت

(نادیە)(تەمەن) ٢٤ ساڵ" ئەمساڵ دواساڵی خوێندنی منە و دواتر دەبمە خاوەنی بڕوانامە، سەبارەت بەوەی کامیان بە باشتر دادەنێم بە ڕای من لەهەمووی گرنگتر ئەوەیە کە بڕیارەکە بەدەست خۆت بێت واتە ناچار نەبیت و بە فەرمانی کەس نەبێت. ئەگەر کچ کەسێکی شیاوی دۆزییەوە لەهەر کاتێکدا بێت زۆر ئاساییە شووی پێ بکات جا خوێندی تەواوکردبێ یان نا، بەڵام وەك گوتم بە ئارەزووی خۆی بێت. وەك ڕای تایبەتی خۆم کچ لەدوای بەدەستهێنانی بڕوانامە شووبکات باشترە لەهەموو ڕوویەکەوە خۆشم تا ئەوکاتە بیر لە شووکردن ناکەمەوە.

(سارا) ٢٤ ساڵ"هاوڕێیەکم وازی لە خوێندن هێنا و شووی کرد بەڵام کە ئێستا دەی بینم هەست دەکەم پەشیمانە هەر چەندە تا ئێستا خۆی باسی ئەوەی نەکردووە. من تا بڕوانامە بەدەست نەهێنم بیر لەشووکردن ناکەمەوە لەوانەیە چەند ساڵێکیش دوای ئەوە شوو نەکەم ئەگەر کەسێکی بە دڵی خۆم نەدۆزییەوە. بەدڵنیاییەوە تەواوکردنی خوێندن لای من لەشووکردن گرنگترە.

(چنار) ٢٣ ساڵ"ئەوە بە پێی کەسەکە دەگۆڕێت، بۆ نموونە هەندێ کچ بێزارن لەماڵەوە و دەیانەوێ ژیانێکی نوێ پێکبێنن هەر بەر ئەمەش واز لەخوێندن دێنن، بە پێچەوانەوە هەندێ کچی تر دوای تەواوکردنی خوێندن ژیانی هاوسەری پێکدێنن، من هێشتا قوتابیم و بیرم لە شووکردن نەکردۆتەوە کەی بڕوانامەم وەرگرت ئەو کاتە بڕیار دەدەم کە ئایا کەی شوو دەکەم .

(شلێر) ٢٢ ساڵ" نەخێر بە هیچ شێوەیەك بیر لەشووکردن ناکەمەوە تاوەکو دەبمە خاوەنی بڕوانامە، پێویست ناکات پەلە بکەم چونکە وا بە باش دەزانم دوای کۆتایی هاتنی خوێندن بیر لەوە بکەمەوە، ئەگەر ئێستا شوو بکەم ناتوانم بە ئازادی لەگەڵ هاوڕێکانم کە قوتابی زانکۆن بجولێمەوە، دەمەوێ چێژ لەم کاتەی ئێستا وەربگرم.

(شیلان) ٢٢ ساڵ" هەرچەندە تا ئێستا شووم نەکردووە و قوتابیم، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە لەبەر بڕوانامە مێردی نەکردبێت، هەر کاتێك ویستم شوو بکەم و کەسێك هاتە داوام کە گونجاو بێت ئەوا بڕیاری خۆم دەدەم. بەڵام دەبێت ئەوەش بڵێم ئەگەر ببمە خاوەنی مووچەی خۆم و بڕوانامەم هەبێت ئەوا کاریگەری دەبێت لەسەر باشتر بوونی ژیانم.

**پێش تەواوکردنی خوێندن گەر هاوسەری گونجاوت دۆزییەوە شووی پێ دەکەی؟**



# لەنێو زەلکاوی بەدڕەوشتیدا!!

ئا: ناسك سەعید- سلێمانی

لەژیانی رۆژانەماندا، ئەو بەسەرهات و رووداوانەی دەبنە پێش هات بۆمان، پێدەچێت زۆربەیان بەلامانەوە ئاسایی بن، بەڵام هەندێك جار ئاسایی نین، دواتر بیردەکەینەوە بۆ دەبێت تووشی ئەم رووداوا یان حاڵەتانە ببینەوە؟ هەروەك دەڵێن کەس نازانێت خێر بەچییەوەیە. لەناسینێك و رێکەوتێکی ئاوادا مرۆڤە باشەکان دەردەکەون و هاوکات کەسانی دەوروبەریش سوودمەند دەبن لێیان و دەبنەمایەی خێروباشە، بەڵام ئەو کەسەی دەتوانێت کارێکی لەم جۆرە بکات نیشانەی هۆشیاری و بەرز راگرتنی رەوشتی خۆی و تەنانەت بەرامبەرەکەیەتی بەتایبەت بۆ گەنج ئەم ئەرکە دوو ئەوەندە قورستر دەبێتەوە.

### دروست کردنی پەیوەندی

کاتژمێر دوو نیوی نیوەڕۆ بوو، کاتی تەواوبوونی دەوامی فەرمانگەکەمان بوو، زۆر بەپەلە لەفەرمانگە هاتمە دەرەوە، پێشتر تەلەفۆنێکی زۆر گرنگم بۆ کرا کە دەبوو بەبێ دواکەوتن بگەمە ماڵەوە. هاوڕێکەم ئۆتۆمبێلی پێ بوو داوای لێکردم لەگەڵیدا برۆمەوە، دوای سوپاس لێکردنم چوومە شوێنی وەستانی پاس، چانسێکی باشم هەبوو، پاسەکە نەفەری کەمی تیابوو هاوکات زۆریش چاوەڕێم نەکرد کە هات. پاسەکە لەبەردەمدا وەستاو سواربووم، چووم لەسەر کوشنێك دانیشتم، بەمنەوە چوار کەس لەپاسەکەدا هەبوون، لەدوای من کچێك هاتە لەتەنیشت منەوە دانیشت، تا ئێرە ئاسایی بوو بەلامەوە، بەڵام دوای رۆیشتنی پاسەکە گەیشتینە ترافیکێك کچەکەی لەتەنیشتمەوە دانیشت بوو هەروەك بڵێی سەیری منی دەکرد یاخود دەرەوە، روون نەبوو بەلامەوە سەیری کاممان دەکات، بەهەرحاڵ پەنجەرەکەم کەمێك کردەوە تاهەوایەك بێتە ژوورەوە، لەو چرکەساتەدا (هاوڕێ) دەڵێت: هەستم کرد کچەکەی تەنیشتم شتێکی بەگیرفانمدا کرد، سەرم سورما نەمزانی چی بوو؟ نەشمدەزانی چی بکەم؟ زۆر حەزم کرد بزانم چی کردووە بەگیرفانمدا؟ بەبیانووی مۆبایلەوە دوای دوو سێ خولەك دەستم بەگیرفانمدا کرد و بینیم کارتێکە وێنەی کچێکی لەسەرەو و تەواوی زانیاری وەك ژمارە مۆبایل و ناوی گەڕەك و چەندان زانیاری تر، بەلامەوە سەیر بوو ئەم کارتە بۆچی خرایە گیرفانی منەوە؟ کچەکە بەبێ پرسیارکردن کەوتە گفتوگۆ کردن و گوتی: مەترسە ئەوە کارتی تایبەتی خۆمە، هەرکاتێك ویستت دەتوانیت پەیوەندیم پێوە بکەیت، لێم پرسی مەبەستت چییە؟ گوتی:تۆ سەرنجی منت راکێشاوە و زوو جێگەی خۆت کردەوە لەدڵی مندا بۆیە پێم خۆش بوو یەکتری بناسین، گوتم:بەڕێزم من حەزم لەپەیوەندی نییە دەکرێت لەگەڵ کەسێکی تردا پەیوەندی دروست بکەیت، گوتی: نا هەڵە تێمەگە من ئەو پەیوەندییە ناڵێم بەڵکو پەیوەندی سێکسی دەڵێم!!!

هاوڕێ دەڵێت: بەبیستنی ئەو وشەیە



هەموو گیانم کەوتە لەرزین و ترسام لەناو پاسەکەدا کارێك بکات و ئابڕووم بەرێت، پەشیمان بوومەوە بۆچی لەگەڵ هاوڕێکەمدا نەڕۆیشتم و خۆم تووشی ئەم حاڵەتە . گەیشتینە شوێنی پاس و داوای دابەزینم کرد، توند دەستی گرتم و نەی هێشت دابەزم، گوتی: بووەستە! جارێ دامەبەزە با کەمێك قسە بکەین و یەکتر بناسین دواتر دابەزە، هەرچەندم کرد نەیهێشت دابەزم، ناچار داوای لێبووردنم لەشۆفێری پاسەکە کرد. منیش حەزم کرد بیناسم و بزانم کێیە؟ کە ئەوەندە بەئاشکرا و بەرۆژی ڕووناك داوای ئەو جۆرە پەیوەندییە لە ڕەگەزی نێر دەکات.

## هاوڕێیەکی باش

لەپاش ڕازیکردن و پەسەندکردنی پەیوەندی نێوان ئەو کچەو هاوڕێ، دواتر هاوڕێ لەشوێنی مەبەست دادەبەزێت بەڵام زۆر دوو دڵە و بیر لەو مەسەلەیە دەکاتەوە، بۆیە ناتوانێت بە تەنها بیری لێ بکاتەوە ئەم بابەتە بۆ کاوەی هاوڕێی باس دەکات، کاوەش زۆر حەز دەکات بەدوای ئەمەدا بچێت. لەدوای دانانی ژوانێك و خۆ ئامادەکردن بۆی ڕۆژێك، تەلەفۆن بۆ ئەو کچە دەکەن دوای یەکتر ناسین زۆر بەخۆشحاڵیەوە دەڵێت حەز دەکەم لەخزمەتتدابم بەتەلەفۆن هیچ ناکرێت، هاوڕێ گوتی :بەهەرحاڵ ڕۆژێکمان دانا بۆ یەکتر ناسین لەباخی گشتی، کاتێك یەکترمان بینی، کاوەی هاوڕێم سەری سورما لە جوانی کچەکە و گوتی هاوڕێ هەرگیز باوەڕناکەم ئەم کچە بەو شێوازە بێت کە تۆ باسی دەکەیت؟ دانیشتین لەباخەکەدا و نزیکەی کاتژمێرێك زیاتر گفتوگۆمان کرد پێی گوتم ئافەرین هاوڕێ بەڕاستی کەسێکی ڕاستگۆیت ئەمە یەکەم جارە توشی کەسی ڕاستگۆی وەك تۆ ببم، حەز دەکەم هاوڕێیەکی باش بیت.

هاوڕێ دەڵێت: لەکاتی گفتوگۆکردنماندا باسی هۆکاری دەست پێکردنی ئەو کارەمان کرد کە دەستی پێکردووە، شێنێ گوتی : من خراپی پەروەردەی خێزانەکەم وای لێکردم دەست بدەمە ئەم کارەو فێری ببم، لەبەرئەوەی باوکم کۆچی دوایی کردووە و دایکیشم بەمنەوە سێ منداڵی بەجێ هێشتووە و شووی کردۆتەوە ئێمەش لای نەنکم دەژین، خێزانێکی پەرت و بڵاوبووین کەسێك نییە دوو قسەی باشمان بۆ بکات و بژێویمان دابین بکات. منیش ناچارم ئەم کارە بکەم، لای نەنکم دەڵێم لەکۆمپانیایەك کاردەکەم، ئەو بەم کارەی من نازانێت. هاوڕێ دەڵێت: من و کاوە زۆر ئامۆژگاریمان کرد و پێمان گوت دەکرێت واز لەم خوە ناشرینە بهێنیت و کارێکی تر بکات، شێنێ گوتی پێم بڵێ: من چی بکەم لەکاتێکدا نیوەی کوڕی ئەم شارە بەم ڕەوشتە دەمناسێت، بەلامەوە سەیرە کە ئێوە نامناسن؟ ئیتر چۆن کاری ترم دەست دەکەوێت؟ هاوڕێ دەڵێت: کاوە گوتی: من یارمەتیت دەدەم و کارێکت بۆ دەدۆزمەوە، بەڵام تۆش هەوڵبدە لەئێستاوە واز لەو کارە بهێنیت، سەرەتا بەشداری خولێکی فێربوونی کۆمپیوتەر بکە و کەمێك شارەزایی پەیدا بکە دواتر لەشوێنێك دات دامەزرێنم. بەڕاستی کاوە هاوکارێکی باش بوو بۆئەوەی شێنێ بهێنێتەوە سەر ڕێگەی ڕاست، تەنانەت شێنێ ئەوەندە گۆڕا کە بۆ هەموو کارێك پرسی بە من و کاوە دەکرد، شێنێ توانی تەواو ڕەوشت و ڕەفتاری خۆی بگۆڕێت تەنانەت لەچۆنیەتی پۆشینی جلوبەرگیشدا گۆڕانی بەسەردا هات.

ڕاستە شێنێ لەدوای چەندین پەیوەندی لەگەڵ ڕەگەزی نێردا بەهاجوانەکانی ڕەوشت لە دەستداوە، بەڵام توانی خۆی بکاتەوە بەمرۆڤێکی تر ولەناو خەڵکدا بەجۆرێکی تر دەربکەوێت، هەرچەند لەزۆرکاتدا بەفرمێسك ڕشتن باس لەو ڕۆژە تاڵانەی ژیانی دەکات کە چۆن بەدەست پیاوەوە گیرۆدە بووە و بۆ ئارەزووە سێکسیەکانی خۆیان بەهەموو جۆرێك بەکاریان هێناوە، بەڵام ئێستا خۆشحاڵە وەك مرۆڤێکی سەربەست ژیان بەسەر دەبات.

**خراپی پەروەردەی خێزانەکەم وای لێکردم فێری ئەو کارە خراپە ببم، دوای کۆچی دوایی باوکم، دایکم مێردی کردووە بووینە خێزانێکی پەرت و بڵاو، کەس نییە بژێوی ژیانمان دابین بکا و دوو قسەی باشیشمان بۆ بکات**

لەنێو فایلەکانی دادگاوە

# بەبێ ڕەزامەندی

**هەردووکیان لەبەردەم دادگادا**

دوای هەشت نۆ دانیشتن و چوار مانگ دادبینی کردن، دوایین دانیشتن لەلایەن دادگاوە دیاریکراو ئاگاداری هەموو لایەنەکانی داواکەش کرایەوە کە لە ڕۆژی دیاریکراودا ئامادەبن، ئەوەبوو(سارە و نەوزاد) و دایك و باوکی نەوزاد و هەندێك لە خزم و کەسانی هەردوولاش ئامادەی ڕۆژی دادبینییەکە بوون، بۆ ئەوەی گوێ لە بڕیای دادگا بگرن.

لە کاتی دیاریکراودا کە بانگ کران(سارە و نەوزاد) پێکەوە چوونە ژوورەوە بۆ گوێبیست بوون لە بڕیاری کۆتایی دادگا.. ئەوەبوو دادوەرەکە دانیشتنەکەی دەستپێکرد و هەندێ ڕێککاری پێویست هەبوو وەریگرت و دوا قسەی لە هەردوولا وەرگرت و ئینجا بڕیاریدا بە هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی هاوسەرێتی هەر یەك لە (سارە و نەوزاد) کە پێنج ساڵان پێکەوە وەك ژن و مێرد ژیانی هاوسەرێتییان بەسەر بردووە، پاش دەرچوونی بڕیاری دادگا(سارە) بە چاوی بە فرمێسك و گریانەوە هاتە دەرەوە و (نەوزاد)یش بەوپەڕی دڵتەنگی و خەمبارییەوە هۆڵی دادگای بەجێهێشت.


پارێزەری(نەوزاد) کە ناوی(ش.ع) بوو، بە هەردوولای گوت: ئێمە بڕیارەکە تەمییز دەکەینەوە دڵنیام لە بەرژەوەندی ئێمەش بڕیار دەردەچێ خەمتان نەبێت، ئێمەش بۆ زانینی هۆی لێکجیابوونەوەی ئەو ژن و مێردەی کە بەبێ ڕەزامەندی خۆیان لێکجیاکرانەوە پرسیارمان لە پارێزەر(ش.ع) کرد و پرسیمان:

وەك دەبینین ئەم دوو ژن و مێردە گەنجە بە بڕیاری دادگا لێکجیاکرانەوە و گرێبەستەکەیان هەڵوەشێندرایەوە، ئەمە لە کاتێکدا ژن و مێرد هەردووکیشیان بە بڕیارەکەی دادگا نارازین، وەك دەبینین ژنەکە دەشگرێ پیاوەکەش ئەوپەڕی خەمباری پێوە دیارە ، واتە ئەمانە یەکتریان دەوێ و بەیەك ڕازین، کەچی دادگا لێکی جیاکردنەوە دەکرێ بزانین کێشەی ئەم دوو ژن و مێردە چییە و دادگا بۆ ئەو بڕیارەی دەرکردووە؟

- لە وەڵامدا پارێزەر(ش.ع) گوتی: ڕاستییەکەی ئەم ژن و مێردە یەکتریان زۆر خۆشدەوێت و نزیکەی پێنج ساڵیشە، ژیانێکی ئەوپەڕی تەبایی بەیەکەوە بەسەر دەبەن، ئەگەرچی تا ئێستاش منداڵیان نییە، بەڕاستیش هەردووکیان گەنجن و تەمەنیان: ژنە(٢٤)ساڵە و پیاوەکەش(٢٦) ساڵ. واتە جارێ ماوەی زۆریان لە پێشەوە بۆ منداڵ بوون ئەوە کێشەیان نییە، بەڵام کێشەکەیان باپیر و پورەکەیانە، خوشکی باوکیان، ئەم ژن و مێردە کە کچە پوور و کوڕە خاڵی یەکترین، کێشەکەیان باپیرە و دایکی کچەکەیە کە باپیرەکەیان دەڵێ: بەم دواییە دەرکەوتووە بۆمان کە گوایە (نەوزاد) شیری دایکی(سارە)ی دراوەتێ و دایکی(سارە)ش دەڵێ منیش ئەمەم بەبیردێتەوە زۆر دڵنیام لەمە، باپیرەیان دەڵێ: شاهێد هاتوونەتە لای من کە بینیوویانە(نەوزاد) شیری دایکی(سارە)ی دراوەتێ، جا ئەگەر ئەمە ڕاست دەرچوو ئەو وەختە ئەم ژن و مێردە بۆ یەك ناشێن و دەبێ لێکجیا بکرێنەوە، ئەگەریش وانەبوو ئەوە بەیەك دەشێن و هیچ کێشەیەك لە ئارادا نامێنێ... دیارە کێشەکە تۆزێك ئاڵۆزبوو، بەڵام چونکە قسەکە لەسەر وتەی شاهێد بینا کراوە بۆیە، دادگا دواجار قەناعەتی بە قسەی شاهێدەکان هاتووە و بڕیاری خۆی داوە، بەجیاکردنەوەی هەردووکیان لە یەکتری، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێمە مافی تانە لێدانمان هەیە و یاساش ئەو مافەی بۆ هەردوولایەنی داوا دەستەبەر کردووە، بۆیە ئێمە، چونکە بە حوکمەکە، دادگا ڕازی نەبووین، تا لە بڕیارەکە دەدەین و قەناعەتیشم بەوە هەیە دادگای باڵاتر حوکمی ئەم دادگایە هەڵوەشێنێتەوە و لەبەرژەوەندی ئێمە بڕیار دەربکات..

**هۆی ڕاستەقینەی مەسەلەکە چییە؟**

ئێمە مەسەلەکەمان تا ڕادەیەك پێ سەیر بوو، هێشتاش بە تەواوەتی بەناوەڕۆکی




ئا: باوکی میدیا

# یەکتر لێکجیابوونەوە

کێشەکە ئاشنا نەبووین بۆیە بە باشمان زانی لەگەڵ مێردەکە(نەوزاد) گفتوگۆ سەبارەت بە کێشەکەیان بکەین، ئەویش بەم شێوەیە بۆمان دواو و گوتی:

ئەو کێشەیە بەڕاستی باپیرم دروستی کردووە، ئەگینا ئێمە وا پێنج ساڵە ژن و مێردی یەکترین، بۆ تا ئێستا هیچ لە ئارادا نەبوو، ماوەیەك دەبێ نێوان باوکم و باپیرەم خۆش نییە، باپیرەم زۆر حەز دەکات هەر خۆی تاکە دەسەڵاتدار و حاکم بێت و گەورەی هەمووان بێت، ئینجا خۆشت دەزانی مۆدیلی ئەو جۆرە دەسەڵاتدارێتییەی باپیر و تەنانەت باوکیش نەماوە، من و (سارە) پێش ئەوەی ژیانی هاوسەرێتی پێکبێنین یەکتریمان خۆش دەویست، باوکیشم زۆر حەزی دەکرد(سارە) بۆمن بخوازێت، چونکە دەیزانی کچێکی تا بڵێی باش و ڕەوشت بەرز و ئاکار و جوانە، هەروەها دەشیزانی کە ئێمە دڵمان بەیەکەوەیە، بەڵام باپیرەم دەیویست(سارە) بۆ کوڕە زایەکی دیکەی خۆی بێت، ئەوەی کە لەسەر ڕێگەی ئێمە دەوەستا دایکی(سارە)ش بوو، ئەویش حەزی دەکرد بە ئارەزووی باوکم نەبێت، چونکە خۆشی لە دایکم نەدەهات، هۆیەکەی چی بوو؟ نازانم بەڵام ئەوەندە دەزانم دایکم ئەو ناحەزییەی دایکی (سارە)ی بە هەند هەڵنەدەگرت و هەر بایەخیشی پێ نەدەدا، بەڵام نێوان باوکی من و باوکی(سارە) زۆر خۆش و گەرم و گوڕ بوو، باوکم کە دوو بە دوو، بێ ئەوەی جارێ کەس، تەنانەت منیش، بەمەسەلەکە بزانێ، لەگەڵ باوکی (سارە) قسەی کردبوو، باوکی(سارە) بەخۆشحاڵییەوە ڕازی ببون بۆیە لە نێوان باوکم و باوکی(سارە) مەسەلەکە براوبۆوە کە داخوازیشمان کرد، باپیرەم نارەزایی بوو هەندێ بۆڵە بۆڵ و قسەی توندی کرد، بەڵام سوودی نەبوو، کارەکە، بە نارەزایی بوونی دایکی(سارە) و باپیرەم سەری گرت و ئەوانیش دواجار هیچیان پێنەکرا، بۆیە بۆ مەسەلەی مارەکردنەکەش نەهات و ئامادەنەبوو، تەنانەت لەگەڵ باوکیشم قسەی نەما، پاشان پاش یەك دوو ساڵان تۆران و لەیەك زیز بوون، خزم و کەس کەوتە نێوانیان و ئاشتیانکردنەوە ئەوەبوو پێکهاتنەوە، بەڵام نزیکەی ساڵێك بەر لە ئەمڕۆ باپیرەم داوای کردبوو کە(کەژاڵ)ی خوشکم بدرێتە یەکێك لە برازاکانی ئەوەی کە پێشتر دەیویست(سارە)ی بدرێتێ، باوکم گوتی: ئەگەر(کەژاڵ) ڕازی بێ، منیش ڕازی دەبم و لاریم نییە باوکم پرسیاری لە(کەژاڵ)ی خوشکم کرد؟ ئەو گوتی: من دەرچووی کۆلێژم و ئەویش تەنیا سەرەتایی تەواوکردووە، پاشان چ کاروکاسبییەکی وەهای نییە شایەنی باس بێت و من ئەو زۆر لەیەك دوورین و حەزی پێناکەم.

باوکیشم بە باپیرەمی گوت: (کەژاڵ) حەز ناکات مێردی پێبکات و منیش بە زۆر بە مێردی نادەم، ئەو وەڵامە باپیرەم تورە دەکات و سوێند دەخوات کە شتێك بکات تا باوکم ماوە خەفەتی پێبخوات، ئەوەبوو ئەو کێشەیەی نێوان من و(سارە)ی خوڵقاند، سەیر لەوەدایە دایکی(سارە) سوێند دەخوات دەڵێ: من شیرم داوە بە(نەوزاد) جاران ئەو شتەم لە بیرکردبوو، بەڵام هێنایانەوە گوێ بە بیرم هاتەوە، بۆیە ڕێگە نادەم چیتر ئەوانە ژن و مێردی یەکتر بن، شایەتەکانیش هاتوونە بابەتێکی (٢٤) ساڵ پێش ئێستا وەك فلمێکی سینەمایی دەگێڕنەوە کە گوایە دایکی(سارە) شیری داوەتێ، نازانم ئەو ژنە کە خەسووشمە بە چ حەقێك قسەیەکی وا دەکات و سوێندیشی لەسەر دەخوارد کە تا ئێستا خۆی لێ بێدەنگ کردبوو، ئەی ئەو شایەتانە، ئەوانە چۆنە ئێستا بیرەوەری و یادەوەرییان وەها بەکارکەوتۆتەوە و پێشتریش خۆیان کرکردبوو، بە هەرحاڵ لەسەر قسەی ئەمانە و دانپیانانی دایکی(سارە) دادگا بڕیاریدا بەجیاکردنەوەی من و(سارە) لەیەکتر... ئێمەش چاوەڕێ دەکەین هەتا دەرەنجامی تا نەگرتنمان دێتەوە ئەوسا ئەگەر لەبەرژەوەندی ئێمە نەبوو، قسەیەکی لێدەکەین، هەروا بێ دەنگ دانانیشین.





# (ئیبراهیم) چۆن ژنەکەی کوشت؟

ئا: خەندە گۆران



گوڵان
ژمارە (٧٣٩)
٢٠٠٩/٦/٢٩



رووداوو بەسەرهاتەکانی ژیان هێندە زۆر و جیاوازن مرۆڤ بە بیستنی هەندێکیان تووشی سەرسام و شۆك دەبێت، هەندێ جار مرۆڤەکان کاری وا نابەجێ دەکەن کە دوورە لە هەموو یاسا و ریسا و بەهایەکی مرۆڤایەتی، هەر بۆیە دەکەونە بەر نەفرەتی خاو و خەڵك، وەك ئەم رووداوەی کە ماوەیەك پێش ئێستا لە یەکێك لە گوندەکانی دەوروبەری شاری هەولێر روویداوە، دەبا بزانین ئەو پیاوە چۆن و لەبەرچی ئەو تاوانەی کردووە؟

دە ساڵ پێش ئێستا (ئامینە و ئەحمەد) هەروەکو زۆر لە کوڕ و کچانی گوند لە ئاهەنگێکی قەشەنگی گەورەی

کــوردەواری ژیانـــی هاوســـەرگیری پێـــك دەهێنن و دەچنە نێـــو ئەم ژیانە نوێیـــەوە، ســـەرەتا ژیانێکی خۆش و بەختـــەوەر دەگوزەرێنـــن، (ئەحمەد) کوڕێکی کاسبە و لە گوندەکەی خۆی خەریکی کاری کشـــتوکاڵی بوو، واتە بەهێز و بازووی خۆی نانی خێزانەکەی پەیدادەکرد و هـــەردەم هەوڵی دەدا کە خۆش گوزەرانی بۆ خێزانەکەی دابین بـــکات، بۆیە شـــەو ڕۆژی دەخســـتە ســـەریەك ، بەڵام پاش دوو ســـاڵ لە ژیانێکی هاوسەرگیری هێمن(ئامینە) پەیوەندی لەگەڵ پیاوێکی دیکە پەیدا دەکات ، ڕۆژێك و دووان خەڵکی گوند بەو پەیوەندییە دەزانن بەڵام(ئەحمەد) لێی بێ ئاگادەبێـــت، بۆیە خەڵکەکە بەهەر جۆرێك بێـــت هەواڵی ژنەکەی بە پیاوێکـــی دیکەی پێ ڕادەگەیەنن، ســـەرەتا(ئەحمەد) نایەوێت ڕاستەوخۆ بڕیارێك بـــدات دواتر لێی پەشـــیمان ببێتەوە، لە دڵی خۆیدا دەڵێت: باشـــتر وایە من لـــە دوورەوە چاودێری ژنەکەم بکـــەم و بزانـــم تا چەند قســـەی ئەم خەڵکە ڕاســـتە، بەڵام هەر کە دایك و باوکی(ئەحمەد) بەو شـــتە دەزانن ماوە نادەنە(ئەحـــمەد) بـــۆ چاودێری کردن و وردبوونـــەوە لـــە ڕووداوەکـــە بەڵکە ڕاستەوخۆ پاڵەپەســـتۆی دەخەنە سەر بـــۆ ئەوەی ئەم ژنە تەڵاق بدات، دەڵێن خوای گەورە تۆی زۆر خۆشویستووە، تا ئێســـتا منداڵی لەم ژنە نەداوە پێت، هەر بۆیە (ئەحمەد) دوو شایەد لەگەڵ خـــۆی دەبات و دەچنـــە لای مەلای گونـــد، هەروەکو چۆن لـــە دەرەوەی دادگا مـــارەی بڕیبـــوو بەمجۆرەش لـــە دەرەوەی دادگا تەڵاقـــی دەدات، هەر چەنـــدە ماڵـــی باوکی(ئامینە) دەیانەوێت ڕاســـتی تەڵاقدانە کە بزانن بەڵام(ئەحمەد) ڕاستیەکە دەشێوێنێ و لێیان دەشارێتەوە و بێ کێشە و گرفت کۆتایی بەم مەســـەلەیە دەهێنێ لێرەوە ژیانێکـــی نوێ بۆ هەردوولا دەســـت پێدەکاتەوە، (ئەحـــمەد) ژنێکی دیکە دەهێنێت و(ئامینە)ش مێردی دووەمی دەکات، شوو بەو پیاوە دەکات کە پێشتر پەیوەنـــدی لەگەڵ هەبـــوو، ڕۆژگار دێت و دەڕوات(ئامینە) دەبێتە دایکی ســـێ منداڵ بـــەڵام بەداخـــەوە هیچ کات وانەیەبەنـــد لە هەڵەی پێشـــووی وەرناگرێت، کە بووە، هۆی ناو زڕاندن و ئابڕوچوونـــی لە نێو خەڵکی گوند ، و ئـــەو هیـــچ کات وەك ئافرەتێکی مێـــردار و خاوەن منـــداڵ بیر ناکاتەوە بەڵکو بیرکردنـــەوەی زیاتر بە کچێکی هەرزەکاری چاو لـــە دەردەچێت و ئەو خوو ڕەوشـــت و هەڵســـوکەوتەی کە پێش شـــووکردنی یەکەمـــی هەیبوو هەر دەیمێنێ ، دوای ســـێ منداڵیش هەر واز لـــەم کارە نابەجێیەی ناهێنێت ئەمجارەیـــان پەیوەنـــدی لەگـــەڵ ناسیاوێکی مێردەکەی دادەمەزرێنێ کە نیشتەجێی شـــارە و خێزاندارە و باوکی حەوت منداڵـــە، پیاوەکە بە بەردەوامی هامۆشۆی ماڵیان دەکات.

### ڕۆژی کوشتنی (ئامینە) و دۆستەکەی

ئـــەو ڕۆژە ئـــەو پیـــاوە لەگـــەڵ مێردەکەی(ئامینـــە) دێنەوە ماڵێ تا نزیك بانگی عەســـر لەوێ دەمێننەوە مێردی(ئامینە) نیازی چوونە شاری دەبێت، پیـــاوە میوانەکەش پێی دەڵێت ، بۆ هەرکوێیەك بچـــی دەتگەیەنم و ئەگەر حەزدەکەی ئیشـــی خۆت تەواو بکە دەتگەڕێنمەوەش، هەتا شـــاری دەبات بەڵام هـــەر زوو خۆی بە تەنیا دەگەڕێتـــەوە بـــۆ گونـــد و دەچێتە لای( ئامینـــە) بـــا لێرەوە(ئامینە) و دۆستەکەی بەجێ بهێڵین و بگەڕێینەوە لای و مێردەکەی(ئامینـــە) و بزانین ئەو پیـــاوە چۆن و بۆچـــی هەر زوو لە شـــار دەگەڕێتەوە، ئایـــا گومانی ئەوەی هەبـــووە کە ئەم پیاوە پەیوەندی لەگەڵ ژنەکەی هەیە؟ یان دراوسێکان ئەمەی پێـــی ڕادەگەیەنن و پەیوەندی پێوە دەکەن بە هەرحاڵ کە دەگەڕێتەوە مـــاڵ و دەچێتـــە ژوورەوە هەرووکیان واتە ژنەکەی و دۆستەکەی بە رووتی لـــە باوەشـــی یەکتـــردا دەبینێ کاتی ئەو دیمەنە بەمجـــۆرە دەبینێ چاوی تاریك دەبێت و دەســـت دەداتە چەکەکە و لوولـــەی ئاراســـتەیان دەکات هەر لەوێ هەردووکیان دەکوژێت و کۆتایی بە ژیانیـــان دەهێنێت، هـــەر بۆیە بە باشمان زانی زاری (ئیبراهیم) مێردی دووەمـــی (ئامینـــە) چۆنییەتی ئەم ڕووداوە بزانین، کە ئێســـتا دەستبەسەرە لە بەندیخانە و دانیشـــی بە تاوانەکەی ناوە و بە تۆمەتی کوشـــتنی دووکەس گیراوە دوور نییە مـــاددەی(٤٠٦)ی یاسای سزاکانی عێراقی ساڵی ١٩٦٩ بەســـەردا بســـەپێندرێ بـــە هەرحاڵ (ئیبراهیم) گوتی: بەداخەوە دوای ئەو هەموو خۆشەویستییەم بۆ خێزانەکەم و هاوســـەری ژیانم و دایکی منداڵەکانم ئەو بەمجۆرە پاداشتی دامەوە ئافرەتێك کـــەوا نۆ ســـاڵە ژیانی هاوســـەریتی لەگـــەڵ مـــن پێکهێناوە و لـــە ڕێزو خۆشەویســـتی پتر هیچی دیکەم بۆی نەبـــوو، کەچی ئەو خیانەتم لێ دەکات لەگـــەڵ کێش لەگەڵ نـــا پیاوێکی ناسیاوم من هەرکاتێك ئەمەم دیتەوە بیر خەریکە مێشکم ڕادەوەستێ هەر بۆیەش کە دیمەنی خیانەتی ئەوم بینی چاوم تاریك بوو، دەســـتم بـــرد بۆ چەکەکەم و چەند گوللـــەی تێدابوو هەمووم لە جەستەی ئەوان بەتاڵ کرد هەر کەسێکی دیکەش لە شوێنی من بووایە بە تەئکید هەر وای دەکرد، چونکە مرۆڤ کاتێك دیمەنێکی لەمجۆرە ببینێ چۆن دان بە خۆیدا دەگـــرێ؟ هەڵبەتە دڵی ئاو ناخواتـــەوە تا کوڵـــی دەروونی خۆی پێیان دانەڕێژێت ، ژنێك بێت و ماوەی نۆ ســـاڵ لەگەڵ من بێت خیانەتم لێ بکات، چۆن دەهێڵـــم، جارێکی دیکە هـــەوای ئەم دنیایـــە هەڵمژێت، چۆن کۆتایی بە ژیانی ناهێنم! من ئێســـتا دان بەتاوە نەکە دادەنێم و بەو ســـزایەش ڕازیم کە دادگا بەســـەرم دا دەسەپێنێت ئەگەر سێدارەش بێت.

**بەداخەوە ئەو ژنە هیچ پەند و عیبرەتێکی لە هەڵەی ڕابردووی وەرنەگرت کە بەهۆیەوە تەڵاق درا، بەڵکو دووبارەشی کردەوە، بەڵام هاوکات (ئیبراهیم) ی مێردیشی کارێکی باشی نەکرد کە دەستی چووە خوێنی دووکەس، چونکە دەیتوانی لە ڕێگەی یاسا و دادگاوە هەموو مافەکانی بسەنێ و ژنەکەشی سزا بدرێت**



# چ کوڕێک لای کچ جێگای سەرنجە

**دەروونناسێک: میدیا و دووری کوڕان و کچان لە یەکتری ئەو فۆرم و شێوە بیرکردنەوەیان لە هزری کچان قووڵترکردووە**

ئا: ئەوین

(رووخسار و جوانی مرۆڤ شتێکی کاتییە لەگەڵ بەسەرچوونی رۆژگار ئەویش بەرەو گۆڕان و لە ناوچوون دەچێ) ئەمە سەرەتای قسەکانی توێژەرێکی دەروونییە بەناوی (سەناء تاهیر)، (سەناء) کە سالانێکە لەو بوارە کاردەکات لە قسەکانیدا زیاتر جەختی لەسەر کاریگەری میدیا و پەروەردەی سەرەتایی دەکات کاتێك دەڵێت: پەروەردەکردنی منداڵ بەشێوەیەکی نا دروست و بێ بەشبوون لە سۆز و خۆشەویستی و دووری هەردوو رەگەز لەیەکتری وایکردووە لە کۆمەڵگەیەکی وەك ئێمەدا زیاتر بایەخ بە رووخسار لەسەر حیسابی ناوەڕۆك بدرێت، هاوکات میدیاش بەشێوەیەك لە شێوەکان بەتایبەت بەهۆی بانگەشە و بایەخدانی رادەبەدەر بە ریکلامکردن بۆ کەرەستەکانی جوانکاری و بەکارهێنانی کوڕان و کچانی جوان لە ریکلامەکاندا، ئەو فرۆم و شێوە بیرکردنەوەی لە هزری کچان و کوڕاندا قوولترکردووە.

میدیای کوردی بەهەموو بەشەکانیەوە بەشێوازی جیاجیا مەسەلەی جوانی، بەتایبەت جوانی ئافرەتی خستۆتە بەر باس و لێکۆڵینەوە، هەر ئێمە لە هەفتەنامەی (گوڵان)دا چەند جارێك لەمیانی ریپۆرتاژە کۆمەڵایەتییەکاندا باسمان لە جوانی ئافرەت، لە نێوان رووخسارو ناوەڕۆك و کاریگەری جوانی لەسەر پێگەی کۆمەڵایەتی ئافرەتان کردووە، بێگومان ئەو بابەتە مەسەلەیەکە بە ریپۆرتاژێك یان نووسینێك کۆتایی نایەت لەوانەیە لە رووە دەروونی و کۆمەڵایەتیەکەشەوە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستی لەسەر کرابێ، هەر بۆیە بەباشمان زانی ئەم جارەیان باسەکە پێچەوانە بکەینەوە و بپرسین، رووخساری دەرەکی کوڕان تا چەند کاریگەرە؟ ئایا تا چ ئاستێك سەرنجراکێشیان پێدەبەخشێت؟ هەروەها (پارە و ئۆتۆمبێل و جلوبەرگ و شێوازی قسەکردن وێنەیەکی جوانی کوڕان نیشانی کچان دەدات؟

دواجار چ کوڕێك بەلای ئەوانەوە سەرنجراکێشە؟

- بە بڕوای (سومەیە سامی)ی گۆرانی ئەو حاڵەتە زیاتر لە قۆناخی هەرزەیدا بەرجەستەیە بەسەر هزر و خەیاڵاندا چونکە لەو قۆناخەن گۆڕانکاری جەستەیی و هۆرمۆنی بەسەر مرۆڤدا دێت بە بڕوای (سومەیە) هەر بۆیە هەرزەکارانی لەو تەمەنە دا خولیای لاسایکردنەوەی شێوەی قژ داهێنان و رووخساری ئەستێرە و ناوە گەشەکانی بوار هونەر وەك گۆرانبیژان و ئەکتەرەکان دەبن، هەروەها (سومەیە)، لە دوا قسەکانیدا ئەوەشی گوت کە رەنگ رووخسار و دوور لە کەسایەتی بەهێز و خۆشەویستی بەهایەکی نییە.

*** هەڵەیەکی گەورە**

(سیروان رەسول) یش لەلای خۆیەوە ئەوە، ناشارێتەوە کە رەنگ و رووخسار رۆڵی هەیە لەوەی کوڕ یان کچ مایەی سەرنجراکێشانی دەوروبەرەکەی بێ، بەڵام هۆشداری ئەوەش دەدات کە هەڵەیەکی گەورە دەکەین گەر تەنیا لەسەر ئەو ئەساسە بەرامبەرەکەمان هەڵسەنگێنین و پێی سەرسام بین(من ئەوە بە هەڵەیەکی گەورە دادەنێم، ئەوانەی وا بیردەکەنەوە بێگومان کەموکورتی دەروونی و نەخۆشیان هەیە، چونکە هەندێ جار ئاریشەی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە).

- بەبۆچوونی خاتوو (پەروین عەبدوللا)ش تاکی کوردی لە بری ئەوەی پۆزەتیڤانە سوود لە جیهانگەرایی و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا وەربگرێ دەبینین ئەو پێشکەوتنە دەرەنجامێکی پێچەوانەی لێکەوتۆتەوە، ئێمە تەنیا



بەروالەتی سوودمان لە شتەکان وەرگرتووە و ناوەڕۆکمان فەرامۆش کردووە هەروەها (پەروین) ئاماژەی بەوەشدا مرۆڤ هەر چەند جوان و رووالەت و سەرنجڕاکێش بێ کە پیربوو ناشرین دەبێ، بۆیە ئەوە هزر و نافی مرۆڤە دەبێ سەرنجمان رابکێشێ نەك جوانی و سیمای کاتی و بەسەرچوو.

## ماکیاژی کوڕان

- بەپێچەوانەی بۆچوونەکانی پێشوو(گولالە) قوتابی قۆناخی یەکەمی - راگەیاندن رای وابوو سەرەتا یەکەمین شت کە لە کوڕێکدا سەرنجی رابکێشێ سیما و رووخسارییەتی(ئینجا دوای رووخسار هەوڵی تێگەیشتن لە ناخی دەدەم، ئایا چۆن سەیرم و دەکاو بیر دەکاتەوە رای بەرامبەر چییە و وەك مێینەیەك چۆن تەماشام دەکات؟! هەر بە ڕای ئەو قوتابییە ناکرێ بڵێین کچانی بایەخ بە سیمای دەرەوەی کوڕان نادەن و بە هەندی وەرناگرن، هاوکات کەسایەتی و زانایی لە قسەکردن و موجامەلە ماکیاژی کوڕانن و لەلای کچان سەرنجڕاکێشیان دەکات .

-(کەسایەتییەکی) بەهێز و رۆشنبیر و قسەزان پێشە رووخسارێکی بۆیە کراوە، بە ماکیاژ و پارەو جلوبەرگ و ئۆتۆمبێل) (هاوژین موفەق) قوتابی لە قۆناخی دووەمی بەشی مێژوو جگە لەو قسانە هێمای بۆ ئەوەش کرد کە یەکێك لە فاکتەرە سەرەکییەکانی بەرزی رێژەی تەلاق و زۆربوونی ئاریشە کۆمەلایەتییەکان، هەڵخەڵەتانی کچانە بە رووخسار و فەرامۆشکردنی ناخ و ماهیەتی رەگەزی بەرامبەر، هەر بۆیە (هاوژین) لە هاوڕەگەزەکانی دەخوازێ ئیتر بە جۆرێکی دیکە بیر بکەنەوە و هەرگیز جەستە و رووخساری جوانی کوڕان پارە و ئۆتۆمبێلیان نەکەنە پێوەر لە هەڵبژاردنی خۆشەویست یان هاوتەمەنی ژیانیان.

## * رووخساری هیچ کوڕێک سەرنجی رانەکێشاوم

- بە قسەی (فاتیمە موراد)ی قوتابی بەشی کۆمەڵناسیش تا ئێستا رووخساری هیچ کوڕێك سەرنجی رانەکێشاوە(مەرج نییە هەموو کچان بایەخ بە سیماو رواڵەتی دەرەوەی کوڕان و شێوازی پرچ داهێنان و شێوەی جلوبەرگیان بدەن) هەر بە بۆچوونی (فاتیمە) لێرەدا تەمەن حوکم لەسەر شتەکان دەکات، (فاتیمە) پێی وایە لە تەمەنی هەرزەییدا ئەو پێوەرو شتانە خرووری بەرچاویان هەیە و هەر کچێك بەشێوە و جۆرە جوانی و رووخسارێکی کوڕان سەرسامە، بەڵام دواتر کە کامڵ دەبێ و بیر لە هاوسەرگیری دەکاتەوە ئەو پێوەرانە بەرەو کاڵ بوونەوە دەڕۆن عەقڵ بەسەر دڵ و خەیاڵدا زاڵ دەبێ گەر بەردەوام بەو شێوەیە بیر بکەینەوە، هەڵەیەکی گەورە دەکەین چونکە رۆژێك دادێت جوانی و رووخسار نامێنێ بەو پێورانگە بێ دەبێ خۆشەویستیمان بۆ هاوژیانیشمان نەمێنێ).

- دواجار(چیمەن محەمەد) لە قۆناخی دووەمی هەمان بەشی دەڵێت: لە کۆمەڵگە رۆژهەلاتییەکاندا ئەوەندە ئیعتیبار بو جوانی و رووخسار دەکرێ بۆ ئەو ئیعتیبارە بۆ کەسایەتی و رۆشنبیری مرۆڤ داناندرێ، بە بڕوای ئەو قوتابییە، داخراوی کۆمەڵگە و دووری کوڕان و کچان لە یەکتری وایکردووە ئەوان تەنیا لەرێگەی خەیاڵ رووخسارەوە هەست بە وجود و جوانی یەکتری بکەن، لە کاتێکدا ناخ و کەسایەتی مرۆڤیش پێکهێنەرێکی دیکەی وجودی مرۆڤن و فەرامۆشکردنیان هەڵاتنە لە راستی و واقیع.

**داخراوی کۆمەڵگە و دووری کوڕان و کچان لە یەکتری وایکردووە ئەوان تەنیا لەرێگەی خەیاڵ رووخسارەوە هەست بە وجود و جوانی یەکتری بکەن**



# ئەندامێكی جەستەی بە خۆشەویستەكەی بەخشی

**گورچیلەكەم بەخشییە كچێک كە ئامادەم نەک گورچیلەیەک بەڵکو هەموو ژیانمیشی پێبەخشم**

### عەشق و ئەڤینێكی پاک، بەڵام

وەختێك (هاوكار) بەســەرهاتی چۆنیەتی بەخشــینی گورچیلەكەی بــۆ دەگێڕایەوە لەســەر قەرەوێڵەی نەخۆشــخانە بوو، پێنج ڕۆژ بوو گورچیلەكەی بەخشــی بوو، بەكێ بەخشــی بوو، بۆچی ئــەو كارەی كردبوو و لــە پێناوچی بــوو..؟ یا بۆخــۆی بۆمان بگێڕێتــەوە و وردەكارییەكانــی باس بكات، ئەو بەســەرهاتەكەی بەمشێوەیە گێڕایەوە و گوتی: گورچیلەكەم بەخشــییە كچێك كە ئامــادەم نەك گورچیلەیــەك بەڵكو هەموو ژیانمیشی پێبەخشم، ئەویش (نەجیبە)یە.

سێ ســاڵ بەر لە ئەمڕۆ ڕێككەوتنێكی چــاوەڕوان نەكــرا و منــی بە (نەجیبــە) ناســاند، بۆخۆم دوكانێكی كەمالیاتم هەبوو، ڕۆژێك (نەجیبە) هاتــە دوكانەكەم و داوای شامپۆیەكی بیانی دەكرد كە نەمبوو، بەڵێنم پێدا كە بۆی پەیدا بكەم، ئەگەر دوو ســێ ڕۆژی تر ســەردانم بكاتەوە، ئەوەبوو دوای گەڕان و سوڕان دەستم نەكەوت، ناچار ناردم بە پۆستی فرۆكە بۆم بێت، كە هات لای خۆم دامنا تا ئەو هاتەوە دوكانەكەم ، ئەوەبوو دام پێ، زۆر بە بەجێ هێنانی بەڵێنەكەم سەرسام بوو، وردە وردە جۆرە سۆز و مەیلێكی سەیر، هەردووكمانــی بۆ لای یەكتركێش دەكرد، بە كورتی پاش هاتنــەوەی چەند جارێكی تر، من خۆم پێنە گیراو یەكسەر ناخی دڵی خۆمم پێیگوت، ئەویش لەشەرمان تەنیا خەندەیەكی كرد و دووكانەكەی بەجێهێشــتم، دوای ئەوە نیــازی خۆمم پێگوت كە ئەگەر ڕازی بێت داخوازی دەكــەم، داوای لێكردم دەرفەتێكی بدەمێ تا بیرێــك دەكاتەوە، پاش هەفتەیەك گوتــی: ڕازیــم بەمەرجــەی ماڵەوەمان ڕازی بن، كێشــەكە خۆم نیم، ماڵەوەمانن.. بەهەرحاڵ ناردمە خوازبێنی سەرەتا گوتیان دوای ماوەیەكــی تر وەڵامتــان دەدەینەوە، پاش بەســەرچوونی ماوەكە، هەواڵیان نارد گوتیــان ڕازین، كە چووین بــۆ داخوازی، برایەكــی گوتی: ئێوە چۆن یەكترتان دیتووە منیش لە دەمم دەرچوو گوتم: وەڵڵا هاتۆتە دوكانەكەم داوای شــامپۆی كردووە و منیش خۆشمویســت... قسەكەم تەواونەكرد كردیانە غەڵبــە غەڵب، بــرا گەورەكــەی گوتی: ماوەیەكــی تــر هەواڵتان دەدەینــەوە، وەكو دەركردنێك دەریان كردیــن، ئەوەندە هەبوو، ، نەیانگــوت بڕۆنەدەرێ، هەر لەبەر ئەوەندەی گوتم خۆشیمویســت، باشە خۆ كفرم نەكرد، ئەی ئەوە نییە هاتوومەتە خوازبێنی، ئیدی چ پێویســت بەو جۆرە هەڵوێســتە دەكات، چەنــدی هەوڵمان لەگەڵدان ســوودی نەبوو لە قســەی خۆیــان پەشــیمان نەبوونەوە.. دواتــر گەمارۆی (نەجیبــە) یان داو هاتنە دەرەوەیــان بــە تەواوەتی لــێ قەدەغەكرد، مەگەر تەنیا بۆ دەوامــی فەرمانگەكەی دەچــوو ئەویــش دەبوایــە دوای چارەگە سەعاتێك لە تەواوبوونی دەوام لە ماڵەوە بێت، ئەوان وەهایان كــرد و منیش هێندەی دیكەم خۆشویست، حەوت جار زیاتر خەڵكم ناردەوە بۆ لایــان هەر حەوت جار ڕەتیــان كردەوە و گوتیان بشــمرێت كیژی خۆمانی نادەینێ، ئەوجا با چیتر خەڵك نەنێرێ•

### نەخۆش كەوتنی نەجیبە

(هاوكار) بەسەبر و حەوسەڵەیەكی زۆرەوە، بەتام و چێژێكی تایبەتەوە خۆشەویستییەكەی خۆی بــۆ دەگێڕایەنــەوە و لــە درێژەی گێڕانەوەكەیدا گوتــی: من هیچ ڕێگەیەكم نەما كــە نەیگرمە بەر، بــەڵام دەرەنجامی نەبوو، هەستم بە غەدرێكی زۆر زۆر دەكرد و هەموو جارێ لە خۆمم دەپرسی: باشە فێل كە نیازم پاكە، بۆچی ئەوانە ئەو هەڵوێســتە توونددیان بەرامبــەرم هەیە، با وایدابنێین كە خۆشمویســت ویستووە، باشە لەوە باشتر نییە



کـــە بیرنە کابرایەك نازانن داخۆ لەگەڵ باش دەبێت یان نەء، بەڵام بەهەر ڕێگەیەکیش بایە هەواڵێکی خۆمم پێدەگەیاند و هی ئەویشـــم وەردەگرت، ئەوەبـــوو زانیم نەخۆش کەوتووە، من گوتم دیارە بەهۆی هەڵوێستی براکانییەوە بەهۆی خەم و خەفەتەوە تووشی دڵتەنگی و خەمۆکـــی بوو، بۆیە زۆرجـــار و زوو زووش هەواڵم بۆی دەنارد کە خەم نەخوات و ورەی بەرزبێت، من هەرگیز دەستبەرداری ئەو نابم، بەڵام دواتر زانیم کەوا نەخێر نەخۆشییەکەی هی خەم و خەفەت و دڵتەنگی و خەمباری نییـــە، بەڵکو گورچیلەکانـــی ئیش ناکەن و لەکارکەوتوون، لە ڕێی ناســـیاوێکمانەوە کە پزیشـــك بوو زانیم کە ئەگەر گورچیلەکانی دەرنەهێندرێـــن و گورچیلەی کەســـێکی بۆ نەچێندرێ مەحاڵـــە بژی، هەموو هەفتەی جارێکیش گورچیلەیان بۆ دەشووشـــتەوە، بۆ ئەوەی لە مردن ڕزگار بکەن، ئیدی پزیشك پێ گوتبوون کە هەوڵدەدەن کەسێکی خۆبەخشی بۆ پەیـــدا بکەن تـــا گورچیلەیەکی بداتێ، ئەوان دنیایان کرد کەســـێکیان دەستنەکەوت، یەکێکیان بـــۆ دۆزیبۆوە داوای پێنج دەفتەر دۆلاری دەکرد، ماڵەوەیان ڕازی بوون بیدەنێ، بەڵام کە پشـــکنینی بـــۆ دەکەن دەردەچێ کەوا نەخێـــر گورچیلەکـــەی ئەویش بۆی نابێت، ئەم کچە بەســـتەزمانە پێنج مانگان لە ژێـــر عەزاب و ئێشـــی گورچیلە دابوون ژیانی نەبوو، بەحاڵ هەناسەی دەدا و ڕەنگی ســـیس ببۆوە، قەت لە (نەجیبە) ی ئەوکاتە نەدەچوو کە من بینیبووم، لە ڕێی ئەو دکتۆرە خزمەمانەوە زانیم گرووپـــی خوێنی چییە، منیـــش چووم گرووپی خۆم بشـــکنم دەبینم ڕێك وەکو گرووپەکەی ئەوە، هەوڵمدا زانیاری زیاتـــر وەربگـــرم، ئەم خزمەم خـــودا خێری بنووســـێ درێغی نەکرد زۆر زۆر هاوکاری کـــردم، هەموو هەواڵێکم بۆ ئەوەبوو بزانم من دەتوانم گورچیلەکـــەی خۆمی پێبدەم، ئیتر بۆم دەرکەوت تا ڕادەیەك هی من بۆ ئەو باشە و ئەگەری زۆر هەیە بـــۆ ببێت، بەهەرحاڵ بـــاری دەروونی (نەجیبە) و براکانی و دایك و باوکی لەوپەڕی خراپی دابوون و بەو پێشە کـــە تاقە کچیان بوو، دایك تەواو شـــپرزە و شێواو و ڕووخابوو، هەموو براکانی پشکنینی خوێنی خۆیان بۆ کرد کە ئەگەر بگونجێ تا گورچیلەی خۆیان بدەنێ هی کەسیان نەدەبوو بـــۆی ، هەواڵم نارد بۆیان گوتم ئەگەر هی مـــن ببێت ئامـــادەم گورچیلەیەکی خۆمی بدەمێ، ئەوان بەو هەواڵ و هەڵوێستەی من شاگەشـــکە بوون، هیچ قســـەی ترم نەکرد، ڕازی بوون و منیش چوومە نەخۆشـــخانە و خۆم خستە بەر نەشتەرگەری پزیشکەکان، پشکنین لە دوای پشـــکنینیان بۆ دەکردم و هەمووشی دڵخۆشکەر بوون و لەگەڵ لەش و گورچیلەی ئەو دەنگونجا، چەند ڕۆژێك لە ژێر پشـــکنیندا مامەوە و جۆرەها پشکنینان بۆ کردم، هەموویشـــی تـــەواو دەردەچوون، دواجار پزیشـــکەکان بڕیاری کۆتاییان دا کە دەتوانم گورچیلەکەم ببەخشـــم بەو و بۆی دەبـــێ، بەڵام لیژنەیەکی پزیشـــکی لەگەڵم دانیشـــتن پێش ئەوەی بڕیـــاری یەکجارەکی بدەن و پرســـیاریان لێکردن گوتیان : بۆچی گورچیلەی خۆت دەبەخشـــییە ئەو نەخۆشە، تـــۆش یەك گورچیلەت دەمێنێ و وەك دەڵێن دەبێتـــە نیوە مـــرۆڤ، بڕی چەنـــد پارەت وەرگرتـــووە...؟ منیش لە وەڵامیاندا گوت: ئامادەم نەك گورچیلەم، دڵی خۆشـــمی پێ ببخەشم، لە بەرامبەر پارەشدا نایدەم، هەموو سەروەت و ســـامانی دنیام بدەنێ نینۆکێکی خـــۆم نا فرۆشـــم، من ژیانی ئـــەو مرۆڤەم پـــێ گرنگە و مەســـەلەکەش تەنیا و تەنیا خۆشەویســـتییەو هیچیتر، بە ئارەزووی خۆم گورچیلەی خۆمی پێدەدەم و کەسیش زۆری لێنەکـــردووم و دینارێکیشـــم وەرنەگرتووە و وەریشیناگرم. دوای ئەم قسانە ئیتر بڕیاری کۆتاییان دا کـــە گورچیلەیەکم لێبکەنەوە و بیدەن بە (نەجیبە).

کـــە ئێمەیان بردە ژووری نەشـــتەرگەری هێشتا بەنج نەکرابووم کە لەسەر قەروێلەبووین، منیـــان نزیـــك کـــردەوە لێی و پزیشـــکێك پێی گوت: ســـەیری ئەم کـــوڕە بکە، ئەمە خۆبەخـــش بـــێ بەرامبـــەر گورچیلەیەکی خۆیت پێ دەبەخشـــێ (نەجیبە)ش کە پێشتر ئاگادارکرابـــۆوە کە مـــن ئامادەیم دەربڕیووە گورچیلەی خۆمی بدەمێ بۆیە هەواڵەکە بۆ ئەو تازە نەبوو، ســـەیرێکی کردم، ئەگەرچی حاڵی زۆر پەرێشـــان بـــوو، تاقەتی ئەوەی نەبوو تەنانەت قسەیەکش بکات، بەڵام بەچاو تێی گەیاندم کە زۆر مەمنونە، هەردووکمان براینە ژووری نەشـــتەرگەری و پاشان بەنج کراین، نەمزانی چەنـــد کاتژمێر لە ژووری نەشـــتەرگەی مامەوە، بەڵام دەزانم شـــەو بوو کە بەهۆش خۆم هاتمەوە و تێگەیشـــتم کـــە نەشـــتەرگەییەکە ســـەرکەوتوو بووە، بەیانییەکـــەی دایکـــی و براکانی (نەجیبە) لـــە ژوور ســـەرم بوون، دایکـــم و براکانی منیش هەروا ڕاوەستابوون ئەگەرچی زۆریان پێگوتبووم کە ئەو شتەی من دەیکەم کارێکی زۆر ترســـناکە و ماڵی کچە شـــایانی ئەوە نین ئەو پیاوەتییەیـــان لەگەڵدا بکەم، بەڵام من گوێم بەم قســـانە نەدابوو، بڕیاری خۆم دابـــوو، بەهەرحاڵ ئـــەو بەیانییە وەکو گوتم براکانی (نەجیبە) لە ژوور سەرم بوون، کە بە ئاگاهاتم باری تەندروســـتیم زۆر باش بوو، ویستیان قســـە بکەن من زووتر بە قسە هاتم و گوت: وەزعی (نەجیبە) چۆنە؟ گوتیان : زۆر باشە و زۆرت لێمەمنوونە، ئێمە بۆ ئەوەش هاتووین کە هەم سوپاسگوزاری خۆمانت پێ بگەیەنین و هەمیشە پێت بڵێین هەر کاتێك ئێوە لە نەخۆشـــخانە هاتنە دەرەوە خۆتان ساز کەن ڕێوڕەســـمی شەکراو خواردنەوە پێشکەش کردنی (نەجیبە) بەتۆ بە جوانترین شێوە و بە ئاهەنگێکی گەورەوە بەڕێوە دەبەین و هەموو خەرجییەکانیش لەسەر خۆمان دەبێت..

دوای ئەو قسانە ئیتر من زۆر دڵخۆشم و چاوەڕێم منیش و ئەویش لە نەخۆشخانە بێینە دەرەوە و زەماوەندەکە ســـاز بکەین، لە دنیادا لەوە خۆشتر نییە گیانی کەسێك هەر کەسێك بێت لە مردن ڕزگار بکەی، ئەی ئەگەر ئەو کەسە خۆشەویســـترین کەسیشت بێت، ئیدی خۆشییەکە وەسف ناکرێت و نابڕێتەوە.

**ئەو کچە بەستەزمانە پێنج مانگان لە ژێر عەزاب و ئێش و ئازاردا دەینالاند بە حاڵ هەناسەی دەدا، قەت لە نەجیبەی جاران نەدەچوو**